# ئەرک و ئامانجی قوربانیدان لە ئەفسانە و ئایینەکاندا

محەمەد سلێمان عەباس

**پێشەکی:**

ئەگەر سەرنج بدەینە قوربانیکردن بە واتا فراوانەکەی (هەر لە سەربڕینی ئاژەڵ، تا هەڵکردنی بخوور و بەخشینەوەی خواردن و هەندێک جموجووڵی دی تایبەت لە پەرستگادا). دەبێ قوربانی زۆر زوو هاوواتای پەرستن بوو بێت. لە زمانی سانسکریتیدا وشەی (یاژ) دەبینین، کە هەردوو واتای (قوربانیکردن و پەرستن) دەگرێتەوە، کرداری سانسکرستی (یەژەتی)، واتای قوربانی دەکات (زانستی بەراورکردنی پێوانەیی، ٢٠٢٠، ٥٤٤)، واتە قوربانیی هەر سەربڕین نەبووە، بەڵکوو یەکێکە لە دیاردەکانی پەرستن.

قوربانیدان، یەکێکە لە گرنگترین سرووتی ئایینەکان، هەر لە ئایینە سەرەتاییەکانەوە بگرە تا دەگاتە ئایینە پێشکەوتووەکان و چەندان پرسیار سەبارەت بنچینە و سروشت و ئەرکی ئایینی قوربانیدان لە ئارادا هەن.

ئەفسانەکانی ئافراندن بە شێوەیەکی ناڕوون و شێواو باسی ئەو توندوتیژییە دەکەن، کە دامەزراندنی لێکەوتووەتەوە کە لە میانیدا بوونەوەرێکی ئەفسانەیی لە لایەن بوونەوەرانی دیکەی ئەفسانەیی کوژراوە و ئەو ڕووداوە بووەتە هۆی دامەزراندنی سیستمێکی کولتووری، بنەما و سرووتەکانی هاوسەرگیری و قەدەغەکراوەکان و گشت دیاردە کولتوورییەکان کە مرۆڤ خۆی پێوە بەند کردووە و پەیدابوون، بۆیە بە بڕوای « ڕینیە جیرار» بنچینەی ئایین و سەرجەم سرووتەکانە، قوربانیدانیش یەکێکە لەو سرووتانە (ڕینیە جیرار، العنف المقدس، ١٩٩٢، ١١٩).

مرۆڤناسی فرەنسی (ڕینیە جیرار)، بۆچوونێکی جیاوازی سەبارەت بە قوربانیدان هەیە، ئەو پێیوایە لە سرووتی قوربانیدا، دوو ئاراستە، یان شێوەی پێچەوانەی یەک دەبینرێت، ئاراستەی یەکەم وەک کارێکی موقەددەس ئەژماردەکرێت، کە فەرامۆشکردنی کارێکی مەترسیدارە، کەچی لە ئاراستە و شێوەی دووەمدا، وەک جۆرێک لە تاوان و توندوتیژی دەردەکەوێت، واتە سەربڕین و کوشتنی قوربانییەکە، کارێکی تاوانکارییە، بەڵام نابێ ئەوە لە بیر بکەین قوربانیدان

نابێتـە موقـەددەس ئەگـەر کوشـتنی تێدا نەبێـت (رینیـە جیـرار، العنـف المقـدس، ١٩٩٢، ١٥).

ئەگـەر سـرووتی قوربانیـدان بەنـد و پەیوەسـت بێـت بـە کوشـتن، ئـەوە دەلالـەت لـەوە دەکات، کـە لـە سـەرەتا و بنەڕەتـدا سـرووتێکی گرینـگ بـووە.

هەندێـک توێـژەر، جەخـت لـەوە دەکەنـەوە کـە قوربانیـدان کۆنتریـن شـێوازی باوەڕدارییـە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا و لـە سـرووتەکانی دیکـە زیاتـر لـە کـرۆک و گەوهـەری ئاییـن نزیکـە، هـەروەک «وینبیرگـر» سـەبارەت بـە قوربانیـدان پێیوایـە، قوربانیـدان بـە پلـە یـەک سـرووتێکی ئاینییـە و لـە هەندێـک بـار و کاتـدا لـە گـەڵ کرۆکـی موقـەددەس چـوون یەکـە، لـەم بارەیـەوە «مارسـیل مۆس»یـش، جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە قوربانیـدان کارێکـی ئایینییـە، بۆیـە تەنیـا لـە ڕێگـەی پیاوانـی ئایینـی و لـە کەشـێکی باوەڕداریدا جێبەجێ دەکرێت، واتـە لە ڕوانگـەی مارسـیل مـۆس و هوبیـر، قوربانیـدان بـۆ ئـەوەی دەکرێـت ڕەوش، یـان دۆخـی مەعنـەوی کەسـێک بگۆڕێـت، واتـە بەشـداریکردنی قوربانیـدەر و ژینگـەی دەوروبـەری لـە سیفەتی قەداسـەتدا، کە هەموویـان لـە دۆخـی دنیایـی دەگوازرێنـەوە بـۆ دۆخـی قەداسـەت (طقـوس العبـور فـي الاسـلام، عبدالرحیـم بوهاهـا، ٢٠٠٩، ٣٠٢).

لـە ڕوانگـەی «مۆس»ـەوە، سرووتی قوربانیدان لـە سێ توخمـی سـەرەکی پێکدێـت:

١- قوربانیدەر.

٢- قوربانییەکە.

٣- قوربانـی بـۆ کراوەکـە. لەگـەڵ هەندێـک پێکهاتـەی دیکـەی سـرووتەکە، وەک پیـاوی ئایینـی کـە ڕێوڕەسـمی سـرووتەکە بەڕێـوە دەبەن، هەروەهـا شـوێنی قوربانیـدان (عبدالرحیـم بوهاهـا، ٢٠٠٩، ٣٠٣).

بـە بـڕوای « مارسـیل مـۆس» قوربانیـدان بنچینـەی گشـت شارسـتانی و ئایینەکانـە و لـە ڕێگـەی قوربانیـدان، مرۆڤ پێوەندی بە ئاسمانەوە دەکات. لـە ئایینـی هیندۆسـیدا، قوربانیکردنـی ئـاژەڵ چەقـی ڕێوڕەسـمەکەیان بـووە و پێیـان وابـووە لـە ڕێگـەی قوربانیدانـەوە دەتوانـن ئـەوەی دەخـوازن و داواکارن لـە خوداوەنـدەوە بـە دەسـتی بێنـن و لەگـەڵ پێشکەشـکردنی قوربانییەکـە، کاهینـەکان ڕادەوەسـتان و لـە قوربانییەکـە نزیـک دەبوونـەوە و چەنـد شـێوازێکی جادووئامێزیـان دەخوێنـد (خـوا و گـەردوون و مـرۆڤ، فیـراس سـەواح، ٢٠٢١، ٣٧٤).

بەراهمـە هندۆسـەکان، چەمکەکانـی سـەبارەت بە واتـا و ئامانجەکانـی ڕێوڕەسـمی قوربانیدانیـان و ئـەو هێـزە پەنهانـەی، کاریگـەری پـێ دەبەخشـێت، گەشـەپێ دا و بـە بـڕوای ئـەوان قوربانیـدان تەنیـا بریتـی نییـە لـە پێشکەشـکردنی قوربانـی و بەخشـینەوە، بـە قـەد هێنـدەی ئـەوەی کردارێکـی هەرەوەزییـە و ئـەو هێـزە میتافیزیکییـەی نێـو گـەردوون دەخاتـە ژێـر ڕکێـف و دەسـەڵاتی ئەوانـەوە (خـواو گـەردوون و مـرۆڤ، فیـراس سـەواح، ٢٠٢١، ٣٧٤).

دوای پەرەسـەندنی بیروهـزری ئایینـی لـە قۆناغـی تەوتەمگـەری بـۆ قۆناغـی پەرسـتنی خواوەنـدان، قوربانیـدان بـۆ خواوەنـد بـووە گرنگتریـن سـرووتی ئایینـی و خەڵـک و هاووڵاتیـان لـە خوانـی خواردنـی گۆشـتی قوربانییەکـە لـە پێنـاو پتەوکردنـی پێوەندییـان لەگـەڵ خواوەنـد بەشداردەبوون، لـە قۆناغەکانی دواتـردا گۆڕانکاری بەسـەر ڕێوڕەسـم و سـرووتی خواردنـی گۆشـت و خوێنـی قوربانییەکـە داهـات، ئەوەبوو لە هەندێک ئایینـدا، شـەرابی سـوور جێگـەی خوێنـی گرتـەوە،

هـەروەک لـە ئایینـی مەسـیحیدا بـاوە، بـەڵام لـەو شـوێنانەی کشـتوکاڵ ناکـەن، وەک دوورگـەی عـەرەب، خواردنـەوەی خوێنـی قوربانـی تـا هاتنـی ئایینـی ئیسـلام بـەردەوام بـوو (الأعيـاد فـي بـلاد الرافيديـن، راجحـة خضـر، ٢٠١١، ٣٥).

تەنانـەت لـە سـەدەکانی نێـوان (٤-٦) زایینیـدا، کاتێـک ململانێـی نێـوان پەیڕەوانـی ئایینـی مەسـیحی و بـت پەرسـتان هەبـوو، بڕوادارێکـی بـت پەرسـت بـە نـاوی (جمبليـک)، بەرگـری لـە قوربانیـدان دەکات و بڕوای وابـوو، کـە قوربانیـدان بـە ئـاژەڵ، پێوەندییەکـی تونـد و موقـەددەس لـە نێـوان مـرۆڤ و خوداوەنـد دروسـت دەکات و لـە ڕێگـەی ئـەو کارەوە مـرۆڤ چونیەکـی (التماهـي) لەگـەڵ خواوەنـدا دەکات و ئەو کاتـە ئامانجی هەرە بـاڵا بـەدی دێنـی، ئەوجـا سـۆز و خۆشەویسـتی لـە نێوانمانـدا دێتـەدی و گەشـەدەکات، هەروەهـا ئـەو پێیوابـوو، بەبـێ قوربانیـدان، نوێژکـردن تەنیـا چەنـد وشـەیەکی مـردووە، تەنیـا لـە ڕێگـەی قوربانیـدان وشـەکان زینـدوو دەبـن (اواخـر الوثنييـن، بييـر شـوفان، ١٩٩٧، ٣٤٩).

**قوربانیدان چییە؟**

زانـای بەریتانـی «ڕۆبـرت سـمیس» بـەم شـێوەیە پێناسـەی قوربانـی دەکات: قوربانیـدان بریتییـە لـە خواردنـی تەوتەمێـک لەسـەر خوانێـک، کـە خواوەنـد و خواوەندپەرسـتان پێکـەوە بـە هاوبەشـی قوربانییەکـە دەخـۆن و لـەو کاتـەدا مرۆڤـە بەشـداربووەکان لـە خوانەکـەدا وا هەسـت دەکـەن لـە خواوەنـد نزیکـن، کەچـی لـە ڕوانگـەی مارسـیل مـۆس و هۆبـرت: قوربانـی ئامرازێکـە خەڵـک و بـڕواداران بـەکاری دێنـن بـە مەبەسـتی پێوەنـدی کـردن بـە دنیـای موقـەددەس، کەچـی «جیمـس فرێـزەر» بـڕوای وایـە، قوربانیـدان خۆراکێکـە بـۆ سروشـت بـۆ ئـەوەی ببووژێتـەوە و پیتوبەرەکەتـی بـەردەوام بێـت کـە ژیانـی مـرۆڤ پەیوەسـتە بـەو سروشـتە ، بۆیـە خەڵـک، یـان بـاوەڕداران، ئـاژەڵ، یـان شـا دەکەنـە قوربانـی بـۆ هێنانـەدی نوێبوونـەوە و ژیانـەوەی سروشـت (القربـان فـي الجاهليـة و الاسلام، وحيـد اسعفي، ٢٠٠٧، ١٠).

لەلایـەن خۆیـەوە مرۆڤنـاس «یوسـف شـلحد» پێیوایـە قوربانیـدان: بریتییـە لـە پێشکەشـکردنی ئاژەڵێـک بـۆ خواوەنـد، بـە مەبەسـتی نزیکبوونـەوە لێـی، یـان ڕزگاربـوون لـە تـرس و تووڕەیـی ئـەو، یـان بـە مەبەسـتی پێوەنـدی کـردن لەگـەڵ خواوەنـد (طقوس العبـور فـي الاسلام، عبدالرحيم بوهاهـا، ٢٠٠٩، ٣٠٢)، هەروەهـا «پیتـر هامونـد» کـە مرۆڤناسـێکە، بـەم شـێوەیە پێناسـەی قوربانی کـردووە: قوربانیـدان ئەوەیـە کـە کەسـێک شـتێکی بـە هـادار و بەنـرخ لەناوببـات لـە پێنـاو ڕەزامەنـدی هێزێکـی بـاڵا، یـان لـە پێنـاو بـاوان (ئەسـلاف)، کـە ئـەوە دەبێتـە هـۆی پیتەوکردنـی پێوەنـدی لەگەڵیـان (الأديـان فـي المجتمعـات البدائية، محمد الخطيـب، ٢٠١٧. ١٧٣). بـە گوێـرەی پێناسـەیەکی دیکـەی (ڕوبـرت سـمیس)، قوربانیـدان دیارییەکـە مرۆڤ پێشکەشـی خواوەندی دەکات، بە مەبەسـتی نزیکبوونـەوە لێـی و لێخۆشـبوون لـەو خراپـی و گوناحانـەی کردوویەتـی، بۆیـە قوربانیـدان بریتییـە لـە دیـاری و دانپێدانـان و ڕێزگرتـن (القربـان، مارسـيل مـوس و هنـري هوبيـر، ٢٠٢١ , ١٢).

لـە ڕوانگـەی زانـای فەڕەنسـی «روجیـە پاسـتید» قوربانیـدان: کارێکـی سـرووت ئامێـزە تێیـدا بونەوەرێکی زینـدوو لەناودەبرێت و بـڕوا وایـە بـەم جـۆرە دەتوانـرێ کاریگـەری لـە هێـزە نادیـارەکان و هێنانـەدی ڕەزامەنـدی هێزەکـە بکرێـت (تاريـخ الاديـان وفلسـفتها، طـه الهاشـمي، ١٩٦٣، ٢٢٠).

هەروەها «تایلۆر»یش بڕوای وایە، قوربانی دیارییەکە بۆ هێنانەدی مەبەستێک پێشکەش ڕوحەکان دەکرێت، لەسەر بنەمای (ببەخشە بۆ ئەوەی پێت ببەخشێت). تایلۆر ئاماژە بەوە دەکات کە قوربانیدان سرووتێکە ڕەگەکەی بۆ ژیارە کۆن و بەراییەکان دەگەڕێتەوە و پلە و پایەکەی لە سیستمی ڕوحانیدا هاوشانی نزا و دوعاکردنە لە ژیار و سیستمی سەدەکانی ئەم دواییە، هەروەک چۆن نزا و دوعاکردن ئاراستەی خودا دەکرێت، قوربانیدانیش دیارییەکە پێشکەش خواوەند کراوە، هەرچەندە قوربانیدان لە قۆناغەکانی بەراییدا کارێکی درککراو بوو، بەڵام لە سەردەم و قۆناغەکانی دواتردا گۆڕانکاری بەسەردا هات، نەک تەنیا لە ڕووی ئەنجامدامی ڕێوڕەسمەکەی، بەڵکوو لە ڕووی مەبەست و نیازی باوەڕدار لە ئەنجامدانی قوربانییەکەدا ( تاريخ الأديان وفلسفتها، طه الهاشمي، ١٩٦٣، ٢٢١).

لێکۆلەری فرەنسی «ڕوجیە پاستید»، لەگەڵ بۆچوونەکەی تایلۆر نییە، کە دەڵێ، قوربانیدان لە سەرەتادا دیاری بووە بۆ خواوەند، لە ڕوانگەی پاستید، ناشێ لە سەرەتادا قوربانی دیاری بووبێت، چونکە لە پرۆسەی دیاریدا دەبێ دوو سۆز، یان عاتیفە هەبێت: سۆزی تاکایەتی و سۆزی دانپێدانان بە چاکەی خواوەند، کەچی ئەم دوو سۆزە، لە قۆناغەکانی سەرەتادا لە ئارادا نەبوون، بۆیە پاستید پێیوایە، قوربانیدان بریتییە لە جەمێک خواردن دەدرێتە خواوەند، لەم جۆرەدا تەواوی قوربانییەکە پێشکەش خواوەند دەکرێت.

هەندێک جۆرە قوربانی دیکەش هەن، کە خواوەند تەنیا بەشێکی قوربانییەکەی پێ دەدرێت، بەشەکەی دیکە خەڵکانی دیکە دەیخۆن، بەم جۆرە یەکگرتن لە نێوان خواوەند و باوەڕداران دێتە دی (تاريخ الأديان و فلسفتها، طه الهاشمي، ١٩٦٣، ٢٢٢).

هەندێک جار لە سرووتی قوربانیداندا، بیرۆکەی وازهێنان، یان دەستبەرداربوون لە بەهادارترین شت بەرجەستە دەبێت، بۆ نموونە لە تەوراتدا هاتووە، کاتێک زۆر نەمابوو مەلیکی موئابییەکان لە شەڕێکدا ببەزێت، کوڕە تۆبەرەکەی کردە قوربانی بۆ ئەوە نەبەزێت (تاريخ الاديان و فلسفتها، طه الهاشمي، ١٩٦٣، ٢٢٢).

لە ڕوانگەی توێژەرێک، قوربانیدان بە شێوەیەک لە شێوەکان، سرووتێکە لە سرووتەکانی گواستنەوە و دەربازبوون (العبور)، کە بە هۆیەوە قوربانیدەر و قوربانییەکە دەربازدەبن و لە زەمینەوە بۆ ئاسمان بازدەدەن، لە جیهانی دنیایی دەگوازرێنەوە بۆ جیهانی باڵا و موقەددەس، لە دنیای خراپ و گەندە بۆ دنیای قەداسەت، کە لە میانی سرووتەکەدا بڕواداره قوربانیدەرەکە وا هەست دەکات لە خواوەند نزیکە (القربان في الجاهلية و الاسلام، وحيد السعفي، ٢٠٠٧، ٢٢٧).

لە سەردەمی زوودا، ئاژەڵی جۆراوجۆر دەکرانە قوربانی و بەرهەمی دیکەی وەک، دانەوێڵە و مێوەهات و هەنگوین و زەیتی زەیتوون پێشکەش خواوەندان دەکران، لە قۆناغەکانی دواتریشدا ئاژەڵی وەک، بەران و چێڵ و گا و ئاسکی کێوی و حوشتر دەکرانە قوربانی (الفكر الديني القديم، تقي الدباغ، ١٩٩٢، ٢٦٦).

بە بڕوای (مارسیل مۆس) و (هنری هۆبیر)، سرووتی قوربانیدان لە چوار توخم و پایە پێک هاتووە:

**١- قوربانیدەر:** ئەو کەسەی قوربانی دەدات، بە مەبەستی بەدەستهێنانی سوود و قازانجێک،

کەسەکە لەسەریەتی پابەند بێت بە هەندێک بنەما و سرووت، بۆ ئەوەی گواستنەوە لە گەند و نەگریسی بۆ دنیای موقەددەس مسۆگەر بکات و هەندێک خەسڵەتی پیرۆزی بەدەست بێنیت.

**٢- زەمەن و شوێن:** لە میانی قوربانی کردندا دەبێت کات و شوێنی قوربانیدان لەبەرچاو بگیرێت، چونکە هەموو کاتێک شیاو و گونجاو نییە بۆ قوربانیدان، هەروەها دەبێ بە وردی شوێنی قوربانیدان دیاری بکرێت، بۆیە باشتر وایە لە پەرستگە و شوێنە پیرۆزەکاندا بکرێت.

**٣- کاهین (کاهینی سەربڕ):** هەموو کەسێک شیاوی ئەوە نییە ئەو کارە پیرۆزە بکات، بۆیە کاهینی سەربڕ ئەو کارە دەکات، چونکە کاهینەکە لەلایەک وەکیلی قوربانیدەرەکەیە و لەلایەکی دیکەش، پیاوێکی ئایینییە و نزیکە لە دنیای موقەددەس.

**٤- خەسڵەتی قوربانییەکە:** دەبێت چەند مەرج و خەسڵەتێکی تێدا بێت، وەک ئەوەی دەبێت قوربانییەکە هیچ خەوش و نەخۆشی نەبێت و تەمەن و ڕەگەزێکی دیاریکراوی هەبێت (القربان، مارسيل موس و هنري هوبير،٢٠٢١ ،١٤).

مۆس و هۆبیر لە توێژینەوەکەیاندا، گەیشتنە هەندێک ئاکام و دیارترین ئاکام ئەوەیە، کە قوربانیدان لە زۆربەی ئایینەکاندا، بەند و پەیوەستە بە دوو چەمکی سەرەکی، کە بریتییە لە: پیرۆزی و گەندی (المقدس و المدنس)، هەروەها گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە سرووتەکانی قوربانیدان ئاڵۆزن و پێویستیان بە ڕێکخستن هەیە (القربان، مارسيل موس و هنري هوبير،٢٠٢١، ١٥ ).

ئەو دوو توێژەرە، لە کتێبەکەیاندا لە میانی بەراوردکردنی سرووتی قوربانیدان لە نێوان ئایینی جوولەکە و هیندۆسیدا، هەندێک خاڵی لەیەکچوونیان لە نێوان سرووتی هەردوو ئایین تۆمارکرد، وەک ڕشاندنی خوێنی قوربانییەکە و لەبەرکردنی پێستەکەی و خواردنی پارچە، یان بەشێکی دیاریکراوی قوربانییەکە، کە ئەوە وادەکات بەشێک لە خەسڵەتی پیرۆزی ئاژەڵە قوربانییەکە بگوازرێتەوە بۆ کەسی قوربانیدەر، لەسەر بنەمای ئەو باوەڕەی قوربانییەکە دەروازە، یان کەناڵێکی پێوەندییە لە نێوان دنیای مرۆڤەکان (دنیای گەندی) و دنیای موقەددەس (القربان، مارسيل موس و هنري هوبير،٢٠٢١، ١٥).

خەسڵەتی دیار لە قوربانیدا، ئەوەیە کە قوربانییەکە ڕۆڵی نێوەند لە نێوان قوربانیدەر و خواوەنددا دەگێڕێ، جا لەبەر ئەوەی پێوەندی نێوان مرۆڤ و خواوەند ڕاستەوخۆ دانامەزرێت، بۆیە لێرەدا قوربانیدان بە (پەیمانی خوێن)، ئاماژەی بۆ دەکرێت و لە میانی خوێن ڕشتندا بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ لە نێوان ژیانی مرۆیی و ژیانی خواوەندی دێتە دی (القربان، مارسيل موس و هنري هوبير، ٢٠٢١، ٢٩).

لە هەندێک حاڵەت و ئاییندا، دەبێ قوربانیدەر بە ڕۆژوو بێت و خۆی باش پاکژبکاتەوە و جلێکی خاوێن بپۆشێت، بۆ ئەوەی بچێتە نێو حاڵەتی قەداسەت، هەروەها لە هەندێک باوەڕدا، دەبێ سەری تەراش بکات، مەبەست لەو پرۆسانەی پاککردنەوەدا، بریتییە لە تەکریس و ئامادەکردنی کەسی دنیایی بۆ کاری موقەددەس، واتە دەبێ شت و شمەکە دنیاییەکان لە جەستەی کەسەکە لاببرێت، بۆ ئەوەی هەنگاو بەهەنگاو بچێتە ناو دنیای موقەددەس (القربان، مارسيل موس و هنري هوبير، ٢٠٢١، ٤٩).

لە ڕوانگەی باوەڕی ئایینیەوە، نەخۆشی و مردن و کارەسات لە ئەنجامی گوناح و خراپەکاری

دووچـاری مـرۆڤ دەبێـت، جـا دوورکەوتنــەوە، یـان جێبەجـی نەکردنـی فرمـان و ئەرکەکانـی ئایینـی، مەینەتـی و کارەسـات بـە سـەر مـرۆڤ دێنیـت، بۆیـە مـرۆڤ هەوڵـی داوە لـە ڕێگــەی قوربانیدانــەوە، گەنـدی و گونـاح و خراپەکانـی قوربانیـدەر بـۆ قوربانییەکـە بگوازێتــەوە و بـە سـەربڕینی ئاژەڵەکـە لـە گەنـدی و کارە خراپەکانی ڕزگاری دەبێـت (القربـان، مارسـیل مـوس و هنـري هوبیـر، ٢٠٢١، ١١٢).

بـە کورتـی هەر کەسێک لـە سرووتی قوربانیدان بەشداربێت، خەسڵەتی پیرۆزی بەدەست دێنێت.

**قوربانیدان بە مرۆڤ:**

ترسـناکترین قوربانیـدان لـە مێـژووی ئایینـە کۆنەکانـدا، قوربانیـدان بـە مـرۆڤ بـووە، کـە لای یۆنانــەکان و هەندێـک گــەل و ئایینـی دیکــەی بەرایـی هەبـووە، یۆنانییــەکان لـە کات و سـاتی قاتوقـڕی و برسـیەتیدا، مرۆڤیـان دەکـردە قوربانـی زیۆسـی گـەورە خواوەنـد، هەروەهـا لـە لای ڕۆمەکانیـش کەسـی وا هەبـوو خـۆی کردووەتـە قوربانـی خواوەنـدان، ئـەو نەریتـە تـا کۆتایـی سـەدەی یەکەمـی زایینـی، بـەردەوام بـوو، ئەوجا لـە سـاڵی ٩٧ ز، بـە یاسـا ئـەو نەریتـە قەدەغـە کـرا، (الفکـر الدینـي القدیـم، تقـي الدبـاغ، ١٩٩٢، ٢٦٦).

**قوربانیدان بە خواوەند:**

لێکۆڵەر (مانهـاردت) و مرۆڤنـاس (جێمـس فرێـزەر)، بڕوایـان وایـە کـە پێوەندییەکـی بەهێـز لـە نێـوان قوربانیـدان بـە خواوەنـد و قوربانیـی کشـتوکاڵی هەیـە، بـۆ ئـەوەی خواوەندێـک بێتـە ئاسـتی ئـەوەی کـە ڕۆڵـی قوربانـی بگێڕیـت، دەبـێ هەندێـک نزیکـی لـە نێـوان سروشـتی خواوەندەکـە و سروشـتی قوربانییەکانـدا هەبێـت، واتـە بـۆ ئـەوەی خواوەندێـک ڕازی بێـت ببێتـە قوربانـی، دەبـێ خـۆی زادەی قوربانـی بێـت، ڕەنگـە ئـەو مەرجـە لـە هەندێـک ڕووەوە لـە زۆربـەی قوربانییەکانـدا هەبێـت، لەبـەر ئـەوەی قوربانـی هەمیشـە بەشـێک، یـان شـتێکی خواوەنـدی تێدایە (القربـان، مارسـیل مـوس و هنـري هوبیـر، ٢٠٢١، ١٤١). دەبـێ ئامـاژە بـەوە بکەیـن، کـە قوربانیـدان لـە خـودی خۆیـدا پلـەی بـاڵا و بەرزبوونەوەیـە و پایـە و ئاسـتی خواوەنـدی بـە قوربانییەکـە دەبەخشـێت. لـەم بـوارەدا، چەنـدان ئەفسانەی بەخواوەندبوون (التألیه) هـەن، لەوانە پاڵەوانـی یۆنانـی هەرقـەل دوای ئـەوەی لـە سـەر چیـای (ئەویتـا) خـۆی هەڵدایـە خـوارەوە، ئەوجا لـە ئەنجوومەنـی خواوەندانی ئۆلیمـپ قەبـووڵ کرا، هەروەهـا (ئەیـس) و (ئەشـمون)، دوای مردنیـان، پلـەی خواوەندیـان بەدەست هێنـا. لـە ئەفسانەی مەکسـیکدا، مێخواوەنـد (تووسـی)، کـە دایکـی خواوەندانـە، دوای ئـەوەی خـۆی کـردە قوربانـی، ئەوجا بـە خواوەنـد ئەژمارکرا (القربـان، مارسـیل مـوس و هنـري هوبیـر، ٢٠٢١، ١٤٣). بـە ڕوانینـی مانهـارت، قوربانیـدان بابەتێکـی سـەرەکی بـووە لـە ئەفسـانەکانی خواوەندیـدا و قوربانیـدان بـە خواوەنـد تەنیـا بابەتێکـی لاوەکـی و جوانـی ئەفسـانەکان نییـە، بەڵکـوو خواوەنـد هەمیشـە بووەتـە قوربانـی، هـەروەک چـۆن لـە ئایینـی مەسیحیشـدا، دەبینیـن مەسـیح دەبێتـە قوربانـی (القربـان، مارسـیل مـوس و هنـري هوبیـر، ٢٠٢١، ١٥٧).

کەواتـە لـەو جـۆرە قوربانییــەدا، قوربانییەکـە خـودی خواوەنـدە، بۆیـە ئەوەیـان لەگـەڵ جۆرەکانی دیکـەی قوربانیـدان جیـاوازە.

**ئەرک و ئامانج و جۆرەکانی قوربانیدان:**

شوێنەوارناسی عێراقی تەقی دەباغ، لە کتێبی (الفكر الديني القديم)، سەبارەت بە جۆرەکانی قوربانیدان لە ئایینەکاندا دەڵێ: سێ جۆر قوربانیدان هەبوو، قوربانیدان بۆ خواوەند بە مەبەستی خۆپاراستن لە تووڕەیی خواوەندان، یان بە دەستهێنانی ڕەزامەندیان، جۆرێکی دیکە بریتییە لەو قوربانیدانەی کە تاکێک، یان چەند کەسێک لەگەڵ خواوەندان لە خوانێکی تایبەتی، یان شتیدا، بە مەبەستی بەهێزکردنی هەستی پابەندبوون و دڵسۆزی ئایینی بەشدار دەبن، جۆری سێیەمی قوربانیدان بریتییە لە قوربانیدان بە خودی خواوەند، کە لە میانیدا کۆمەڵە کەسێک لە خوانێکی تایبەتدا، لە خواردنی جەستەی خواوەند بەشداردەبن، ئەم جۆرەیان خواردنەوەی شەرابی پیرۆزیش دەگرێتەوە، ئامانج و مەبەستی ئەم جۆرەیان بریتییە لە هاتنی ڕوحی خواوەند بۆ ناو جەستەی مرۆڤەکان و یەکبوون لەگەڵ خودی خواوەند (الفكر الديني القديم، تقي الدباغ، ١٩٩٢، ٢٦٥).

نووسەر لە کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو سێ جۆرە قوربانیدانە لە ئایینە کۆنەکاندا باوبووە، جۆری یەکەمیان تاکەکان کردوویانە بۆ ئەو مەبەستەی ئاماژەمان پێ کرد، بەڵام ئەو قوربانیدانەی کە تاک، یان چەند کەسێک لە خوانێکی تایبەتدا بەشداربوون، ئەوە بەشێک بووە لە ڕێوڕەسمی دەوڵەت کاتێک خوانێک لە دەوری قوربانگە سازدەکرا و تێیدا ئەندامانی کۆمەڵگەکە لە خواردنی قوربانییەکە بەشداردەبوون، بە مەبەستی بەدەستهێنانی خێر و بەرەکەت و سۆزی خواوەند، جۆری سێیەمیش بریتییە لە کوشتنەوەی ئاژەڵێک، کە بەرجەستەیەکی ڕەمزی خواوەندە ( يعتبر تجسيدا رمزيا للالهة)، کە لە زۆربەی ئایینەکاندا بریتییە لە (گا)یەک، بۆ نموونە کاتێک بڕێک گەنم لە سەر قوربانگەی خواوەند زیۆس دادەنرا بۆ ئەوەی گایەکە لێی بخوات، پاشان گایەکە دەکرایە قوربانی، ئەوجا هاووڵاتییان لە گۆشتی گایەکە بەشداردەبوون، لێرە گایەکە بەرجەستەیەکی ڕەمزی خواوەندە، (الفكر الديني القديم، تقي الدباغ، ١٩٩٢، ٢٦٦).

دەتوانین مەبەست و ئامانجەکانی قوربانیدان بەم شێوەیە پۆلین بکەین:

١- سرووتی ئایینی.

٢-مەبەست لە قوربانیدان.

٣- شێوەی سرووتەکە.

لای هیندۆسەکان دوو جۆرە قوربانیدان هەیە، قوربانی خولی و قوربانی لاوەکی. لە زۆربەی ئایینەکاندا جۆری یەکەم ئەرک و واجبە، کەچی جۆری دووەم ئارەزوومەندانەیە.

لای ئەوان، مەبەست لە قوربانیدان قودسیەت پێدانە بە خواوەندان، یان بۆ نەهیشتنی گوناح و هەڵەکانە، لە دۆخی یەکەمدا مەبەستی قوربانیدەرەکە، گەیشتن و پێوەندیکردنە بە موقەددەس، کەچی لە دۆخی دووەمدا لابردنی بەشێک لە گەندی و پۆخڵی قوربانیدەرەکەیە، (تاريخ الاديان وفلسفتها، طه الهاشمي، ١٩٦٣، ٢٢٠ ).

تەها هاشمی، لە کتێبەکەی خۆیدا، جۆرەکانی قوربانیدانی بەم شێوەیە پۆلێن کردووە:

١- قوربانیدانی خودی، یان کەسی، ئامانجی ئەو جۆرە، هێنانەدی قودسیەتە بۆ کەسی قوربانیدەر.

٢- قوربانیدانی بابەتی، (تاريخ الأديان وفلسفتها، طه الهاشمي، ١٩٦٣، ٢٢٠).

هەندێک جار قوربانیدان بە مەبەستی

فاڵگرتنەوە، پێشگۆیی و زانینی دوارۆژ دەکرا، دوای کوشتنەوەی ئاژەڵەکە، سیحرباز، یان شامانەکە، بۆ لێکدانەوەی دوارۆژی مرۆڤێک تەماشای جەرگ و دڵ و هەناوی قوربانییەکەی دەکرد، یان ئەنجامی ڕووداوێک، ئەو جۆرە قوربانیدانە لای بابلی و ئاشووری و کلدانییەکان باو بوو، (الفكر الديني القديم، تقي الدباغ، ١٩٩٢، ٢٦٧).

مارسیل مۆس و هنری هۆبیر، لە کتێبەکەیاندا بە ناوی (قوربانی)، جیاوازی لە نێوان دوو جۆرە قوربانیدان دەکەن، یەکەمیان ئەو جۆرەیە کە سرووتی قوربانیدان تەنیا بە فەوتاندن و لەناوبردنی قوربانییەکە تەواو دەبێت، دووەمیشیان ئەو جۆرەیە کە لەناو نابردرێت، کە ئەو جۆرەیان پێشکەشکردنی دانەوێڵە و تۆبەرەی بەروبوومی دارەکان دەگرێتەوە (مارسیل موس و هنري هوبير، القربان، ٢٠٢١، ١٣).

بە گوێرەی مۆس و هوبێر، دوو ئاستی قوربانیدان هەیە، یەکەمیان قوربانیدانی تاک، کە لە میانیدا تاکەکە بۆ بەرژەوەندی و سوودی تایبەتی خۆی جێبەجێی دەکات، بە مەبەستی ڕزگاربوون لە گوناحێک، یان هێنانەدی ئاواتێک، ئاستی دووەمیان، قوربانیدانی دەستەجەمعییە کە لە میانیدا سوودێکی هەمەکی بۆ خێڵ، یان کۆمەڵگەکە دێنیتەدی، وەک باران بارین، یان پاراستن لە شەڕانگیزی دوژمن ( مارسیل موس و هنري هوبير، القربان، ٢٠٢١، ١٣).

هەروەها مۆس و هۆبیر، قوربانیدانیان بۆ دوو جۆر پۆلێن کردووە:

١ - قوربانیدانی کاتی و لەناکاو، کە قوربانیدانی نەزرکردن و چاکبوونەوە لە نەخۆشی لەخۆدەگریت.

٢- قوربانیدانی وەرزی و جێگیر، کە قوربانیدان لە جەژنە وەرزییەکان و کاتی پێگەیشتنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان (مارسیل موس و هنري هوبير، القربان، ٢٠٢١، ١٣).

هەروەها دەکرێ جۆرەکانی قوربانیدان، بە گوێرەی مەبەست و هێنانەدی ئامانج، بۆ چوار جۆری سەرەکی دابەش بکرێت کە ئەمانەن: قوربانیدانی لێخۆش بوون، قوربانیدانی یەکبوونی ئایینی، قوربانیدانی بەدەستهێنانی خەسڵەتی موقەددەس، قوربانیدانی ڕزگاربوون و پاکبوونەوە لە خەسڵەتی گەند و پیسی، (مارسیل موس و هنري هوبير، القربان، ٢٠٢١، ١٣).

مۆس و هۆبیر لە کتێبەکەیاندا، ئەوەیان دەرخستووە، پێویستە لەسەر کەسی قوربانیدەر، بە کۆمەڵێک سرووت پابەند بێت، بۆ ئەوەی قوربانیدەرەکە بتوانێت لە دۆخی گەند و پیسی بگوازرێتەوە بۆ دۆخی موقەددەس، (مارسیل موس و هنري هوبير، القربان، ٢٠٢١، ١٣).

هەموو قوربانیدانێک لە بارودۆخ و بۆ ئامانجێکی دیاریکراو دەکرێت و هەر ئایینێک ڕێگەیەکی دیاریکراوی هەیە بۆ قوربانیدان، بۆیە سرووتە باوەکانی قوربانیدان هەندێک ناڕوونی و ئاڵۆزییان تێدایە، جگە لەمەش بەجێ گەیاندنی هەر سرووتێکی تایبەت لە خودی خۆیدا ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەی دەخوازێت لە یەک کاتدا چەند ئامانجێک بەدی بێنێت، یان پەنا دەباتە بەر چەند هێز و ڕێگەیەک بۆ هێنانەدی ئامانجێک، بۆ نموونە گەلی (ئەمازۆلۆ)، کاتێک دەخوازن باران ببارێت، بڕێک گا دەهێنن، پاشان لە ناویاندا یەک گا دەردەهێنن و سەری دەبڕن و بەبێ دەنگی دەیخۆن، دواتر ئێسکەکانی لە دەرەوەی گوند دەسووتێنن، ئەوەش سێ بابەتە لە یەک کردار و پرۆسەدا، (القربان، مارسیل موس و هنري هوبير،٢٠٢١، ١٦٥)، واتە دەشێ

لە یەک کاتدا چەند ئەرکێک جێبەجێ بکرێت، وەلێ ئامانجی قوربانیکردن هەرچییەک بێت، ئەوە سەرچاوەی وزەیەکە کاریگەرییەکەی لەو ئامانجەی بۆی دانراوە، فراوانتر و زیاترە.

ئەرکی سەرەکی قوربانیدان لە ئاستی ئایینیدا، دوو لایەنە، هێنانەدی و دروستکردنی دۆخی پیرۆزی و قەداسەت بۆ بەرژەوەندی قوربانیدەرەکە، دووەمیان لابردن و ڕەشکردنەوەی ئەو هەڵە و گوناحانەی کردوویەتی، بە واتایەکی دیکە گەیشتنی قوربانیدەرەکە بە دنیای قەداسەت و پاکبوونەوە لە گوناح، (عبدالرحيم بوهاها، ٢٠٠٩، ٣٠٤). وەک لە سرووتی قوربانیدان دیارە، کە ئەرکێکی گۆڕینەوەیە، مرۆڤ قوربانی پێشکەش خواوەند دەکات و بڕوای وایە پێی دەگات و زۆربەی گەلانی کۆن بڕوایان وابوو، خواوەند گۆشتی قوربانییەکە دەخوات و خوێنەکەشی دەخواتەوە، ئامانجی مرۆڤەکەش لە قوربانیدانەکە، هێنانەدی ئەو داواکاری و ئارەزووانەیە کە لە خواوەند داوای دەکات، واتە پێوەندییەکی گۆڕینەوەی دیاری و بەخشینە لە نێوان مرۆڤ و خواوەند، (عبدالرحيم بوهاها، ٢٠٠٩، ٣٠٤).

بە شێوەیەکی گشتی، قوربانیدان چەند ئەرکێکی هەیە، وەک: لێخۆشبوون لە گوناح، بەدەستهێنانی ئامانجێک، یان دوورخستنەوەی بەڵایەک، نزیکبوونەوە و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خواوەند، پێشگۆیی و زانینی دوارۆژ، بەشداربوون لە خوانی موقەددەس. دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو ئەرکانە پەیوەستن بە ئەرکی سەرەکی قوربانیدان کە بریتییە لە گواستنەوەی قوربانیدەر لە دنیای گەند بۆ دنیای موقەددەس (القربان، مارسيل موس و هنري هوبير، ٢٠٢١، ١٥).

کەواتە بە گوێرەی ئەم لیکدانەوەیە، قوربانیدان کار و سرووتێکی ئایینییە، لە ڕێگەیەوە بار و ڕەوشی مەعنەوی کەسەکە دەگۆڕدرێت، هەروەها مەبەستێک لە مەبەستەکانی قوربانیدان، پاکبوونەوەیە لە گەندی (النجس) و داوای لێخۆشبوونە لە گوناحەکان.

**– قوربانیدان لە ئەفسانە و ئایینی گەلاندا:**

–قوربانیدان لە میسۆپۆتامیا: لە ئەفسانەکاندا هاتووە، لۆکال زاکیزی شای ئۆرۆک، نان و ئاوی سازگاری پێشکەش بە خواوەند کرد، هەروەها شا «گۆدیا»، خوانێکی بۆ خواوەندی شاری لەکش ئامادەکرد، (حامۆرابی)ش کە یەکێک بوو لە شا ناودارەکانی دەوڵەتی بابلی کۆن، خواردنی جۆراو جۆری خستە بەردەم پەیکەری خواوەند. لیستی دیاری و قوربانییەکان بۆ خواوەندان، بە گوێرەی ئامانجی قوربانیدانەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بە شێوەیەکی گشتی بەرخ، یان بزن دەکرایە قوربانی، هەروەک لە دیمەن و هەڵکۆڵدراوەکاندا دیارە، بۆ لێبووردن لە گوناحەکان. شا گۆدیا ژمارەیەک گا و بزن و کاوڕی دیاری کرد و بۆ قوربانی کردن لە پەرستگەی لەکش بە بۆنەی جەژنی سەری ساڵ تەرخان کران، (بلاد مابين النهرين، ديلابورت، ١٩٩٧، ١٦٤ ).

بە گوێرەی ئەوەی لەبەردەستی هەر پەرستگایەک بوو، جۆری دیاری و قوربانییەکان جیاواز بوو، بۆ نموونە لە شاری ئۆرۆک لە پەرستگەی «ئانۆ»، لە ڕۆژگارێکی دیاریکراودا، ڕۆژانە دوو جەم کە پێکهاتبوو لە نان و شەراب و گۆشت و میوەهات، هەموو بەیانییەک پێشکەشی خواوەند دەکرا، (بلاد مابين النهرين، ديلابورت، ١٩٩٧، ١٦٥).

وێنەی خواپەرستان لەسەر مۆری لوولەییەکانی

بەراییدا، کێشراوە، کە قوربانیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە خواوەند داوای خواردنی لە باوەڕداران کردووە، (عظمة بابل، هاري ساكز، ١٩٧٩، ٤٠٥). ئەو خواردنەی پێشکەش خواوەند دەکرا، خوانێک بوو خواوەندی دیکە و کەسانی دیکەش بەشداربوون، بەشێکی دیاریکراو لە قوربانییەکە بۆ خواوەند دادەنرا، بەشەکانی دیکەی قوربانییەکە دەدرایە فەرمانڕەوا و کاهین و کارمەندانی پەرستگە، (بلاد مابين النهرين، ديلابورت، ١٩٩٧ , ٤٠٦).

کاتێک ئاژەڵێک بۆ قوربانی تەرخان دەکرا، چەندان سرووت جێبەجێ کرا و خوێنی قوربانییەکە لە بەردەم پەیکەری خواوەند دەڕژێنرا، بە شێوەیەکی گشتی بەرخ دەکرایە قوربانی. لە چەندان دەقی کۆندا، ئاماژە بە جۆرەکانی قوربانی کراوە، وەک قوربانیدان بۆ ڕۆژەکانی (ئیشیشۆ)، قوربانییەکانی بەرەبەیان، هەروەها هەندێک قوربانیدان هەبوون کە تایبەت بوون بە ڕۆژێکی دیاریکراوی مانگ، بۆ نموونە مانگی یەک شەوە، یان ڕۆژی (مانگی چواردە- البدر الكامل)، (بلاد مابين النهرين، ديلابورت، ١٩٩٧، ٤٠٧).

سرووتێک کە بە قوربانیدان پەیوەست بوو، بریتی بوو لە ڕشتن و پرژاندنی شەراب، یان زەیت، یان خوێنی قوربانییەکە، لەبەردەم قوربانگە، یانیش دەکرایە ناو قاپێک و لە بەردەم قوربانگەکە دادەنرا، (بلاد مابين النهرين، ديلابورت، ١٩٩٧، ٤٠٨).

**- قوربانیدان لای کەنعانییەکان:**

لە دەقەکانی ئۆگاریتدا دەردەکەوێت، کە بنەماڵە فەرمانڕەواکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی خواوەندی، قوربانیان پێشکەش بە خواوەندان دەکرد. چەندان جۆری قوربانیدان لای کەنعانییەکان هەبوو، گەنم و نانیان دەکردە دیاری بۆ خواوەندان و لە دارستانەکانیش ئاژەڵیان دەکردە قوربانی و شەرابیان بەسەر گۆڕی مردووەکانیاندا دەڕشت بۆ ئەوەی مردووان لە دنیایەکەی دیکە بیخۆنەوە، هەروەها ئۆگاریتییەکانیش، گا و مەڕ و ئاسک و ئاژەڵی دیکەیان دەکردە قوربانی، (الحياة الدينية في مجتمع اوغاريت، صالح الحكيم، ٢٠١٠، ٢٤٥).

لای قرتاجییەکان، سێ جۆرە قوربانیدان هەبوو: ئەو قوربانییەی کە بە تەواوی دەسووتێنرێت، قوربانی هاوبەش، قوربانی لێخۆشبوون، هەروەها لای ئەوان کاتێک هەستیان بە مەترسییەکی گەورە دەکرد، منداڵێکی (نۆبەرە)یان، دەکردە قوربانی بۆ خواوەند (بەعل)، لە میانی پشکنینی قوربانگەی پەرستگەی (سلامبۆ) لە قرتاج، ئێسکوپرووسکی سووتێنراو دۆزرایەوە، (صالح الحكيم، ٢٠١٠، ٢٥٣).

**- قوربانیدان لای گەلانی سامی:**

ڕۆبرت سمیس لە کتێبی (ئایینی سامییەکان)، سەبارەت بە قوربانیدان، ئاماژە بەوە دەکات، لای زۆرینەی گەل و میللەتە کۆنەکان، کە سرووتە ئایینییەکانیان تا ڕادەیەک پێشکەوتووبون، قوربانیدان گرنگ بووە و جووەکانیش کە گەلێکی سامین، بایەخیان بە قوربانی داوە و لە (سیفری تەکوین)دا کە بەشێکە لە تەورات، قوربانی دەکرێتە سی جۆر: سووتاندن (عولا)، ئەو قوربانییەی دەکرێتە جەمێک (شیلم، زبيح)، هەروەها قوربانی گوناحکرد (الخطيئة - حطات)، (ديانة الساميين، روبرت سميث، ٢٠١٩، ٢١٤).

جیاوازی سەرەکی لە نێوان جۆرەکانی قوربانی، لای عیبرانییەکان لە کولتووری پێش کۆچ پێکردن (سبی)، بەم جۆرە بووە:

١-جیاوازی لە نێوان قوربانی ئاژەڵی (زبيح) و

قوربانـی ڕووەکـی (منحـاه).

٢- جیاوازی لـە نێوان ئـەو قوربانییـەی دەسووتێنری و ئـەو قوربانییـەی دەکرێتـە خوانیکی پیرۆز.

٣ - ئـەو قوربانییـەی تـەواوی قوربانییەکـە دەکرێتـە دیـاری بـۆ خـودا و لەسـەر قوربانگـە دادەنرێـت، یـان بەنـاوی خـودا دابـەش دەکریـت، ئەوەیـان جیـاوازە لـەو قوربانییـەی تێیـدا خواوەنـد و خەڵکەکـە هاوبـەش و بەشـدارن.

ئـەو سـێ جـۆرە قوربانیدانـە لای گەلانـی سـامییەکان باوبـوو، (دیانـة السـامیین، روبـرت سـمیث، ٢٠١٩، ٢١٤).

مەبەست لـە سووتاندنی قوربانی، یـان خواردنـی لەلایـەن کاهینێکـەوە، بریتییـە لـە ڕزگاربـوون و لەناوبردنـی لاشـەی قوربانییەکـە، بـە خواردنـی، یـان سـووتاندنی ئاژەڵەکـە، واتـە بەشـەکانی لاشـەی ئاژەڵـە قوربانییەکـە لـە میانی خواردن و سـووتاندنی بـەرەو دنیـای موقـەددەس دەگوازرێتـەوە و لـە هەندێـک حاڵەتـدا تـەواوی جەسـتەی قوربانییەکـە دەسـووتێنرا، وەک لـە (عـولاه) لای جـووەکان و سۆتنگەی یۆنانیەکانـدا، بـەدی دەکرێـت، (القربـان، مارسـیل مـوس و هنـري هوبیـر، ٢٠٢١، ٩١).

ڕۆبـرت سـمیس ئامـاژە بـەوە دەکات، کـە جـووەکان گۆشـتی حوشـتریان نەدەخـوارد، کەچـی عەرەبـەکان دەیانخـوارد و دەیانکـردە قوربانـی، هەروەهـا جووەکان گۆشـتی ئاسـکیان دەخـوارد، بـەڵام لـە ڕوانگـەی ئـەوان بـۆ قوربانـی نەدەشـیا، (دیانـة السـامیین، روبـرت سـمیث، ٢٠١٩، ٢١٥).

لـە نیـوان جۆرەکانـی قوربانیدانـدا، قوربانـی بـە ئاژەڵ لای گشت سامییەکان، بایەخی زیاتر بوو و بە قوربانییەکـی ڕاسـتەقینە و نموونەیـی هەژماردەکـرا، کەچـی قوربانـی ڕووەکـی لـە سـرووتە ئایینییەکانـدا، بـە قوربانییەکـی لاوەکـی دادەنـرا، ئـەوەش شـتێکی ئاسـایی بـوو، لەبـەر ئـەوەی گشـت سـامییەکان دەوارنشـین (بدو) بـوون، (دیانـة السـامیین، روبـرت سـمیث، ٢٠١٩، ٢١٩). قوربانـی ڕووەکـی جۆرێـک بـوو لـە دیـاری کـە خواپەرسـت پێشکەشـی خـودای دەکـرد و بـە (منحـاه) ناودەبـرا، بـەڵام قوربانیـدان بە ئاژەڵێـک تەنیـا دیارییـەک نەبـوو بـۆ خـودا، بەڵکوو بریتـی بـوو لـە هەسـت و سـۆزیکی کۆمەڵایەتـی لـە نێـوان خـودا و بەندەکانـی و قوربانییەکـە بـە نانـی خـودا (لحـم الوهیـم) ناودەبـرا، (دیانـة السـامیین، روبـرت سـمیث، ٢٠١٩، ٢٢١).

مەبەسـت و بیرۆکـەی سـەرەکی لـە قوربانیـدان بـە ئـاژەڵ لای گەلانـی سـامی، تەنیـا دیـاری بەخشـین نەبـوو بـۆ خـودا، بەڵکوو بریتـی بـوو لـە کارێکـی هاوبـەش، کـە لـە میانیـدا خـودا لەگـەڵ بەنـدە و خواپەرسـتەکانیدا هاوبـەش دەبـوون لـە گۆشـت و خوێنـی قوربانییەکە (دیانـة السـامیین، روبـرت سـمیث، ٢٠١٩، ٢٢٣).

**- قوربانیدان لە ئایینی هیندۆسیدا:**

لـە دەقەکانـی ڤیـدا، کـە کۆنترین دەقـی نووسـراوە بـە زمانەکانـی هیندۆئـاری (لـە نێـوان سـاڵانی ١٥٠٠ پ.ز تـا ١٥٥٥ پ.ز نووسـراونەتەوە) لـە باکـووری ڕۆژئاوای هیندسـتان. لە ئایین و باوەڕ و خوداپەرسـتی ڤیدایـی، بەتونـدی بـە دابونەریتـی قوربانـی کـردن و قوربانـی بەخشـینەوە بەسـتراوەتەوە، ڕێورەسـمی ئاڵـۆزی قوربانیکـردن و بەخشـینەوەی نـەزر لـە ڤیـدادا بـۆ چەنـدان خواوەنـدی جۆراوجـۆر دەبینرێت، وەک خواوەنـدی ئاگـر (ئاگنـی) و خواوەنـدی شـەڕ و جەنـگ (ئینـدرا) و خواوەنـد (ڤیشـنو) و زۆر خواوەنـدی دیش (زانسـتی بەراوردکردنـی پێوانەیـی، شاسـوار هەرشـەمی، ٢٠٢٠، ١٠٥).

لـە میانـی بەجـێ گەیاندنـی سـرووتی جۆرێـک لـە قوربانیـدان لـە ئایینـی هیندۆسـیدا، بـە مەبەسـتی جیاکردنـەوی بەشـی سـەرەکی بۆ خواوەند ئاهەنگێک

سـازدەکرێت، کـە بـە ئاهەنگـی (ڤاپا)ناسـراوە، لـە میانیـدا قوربانییەکـە دەکرێتـە هـەژدە بـەش، لەوانـە حـەوت بـەش هەڵدەبژێردرێـت بـۆ خواوەنـدان، ئـەو حەوت بەشە بۆ هێنانـەدی ئامانجێکی دیکە بەکاردێت و لـەو حـەوت بەشـەدا قەداسـەتی قوربانییەکـە بـۆ قوربانیـدەر دەگوازرێتـەوە، (القربـان، مارسـیل مـوس و هنـري هوبیـر، ٢٠٢١، ١٠٠). کاتێـک خواوەنـد لـە ئاهەنگەکـەدا ئامـادە دەبێـت، تەنیـا مەبەسـت و بەشـداری و ئامەدەبوونـی خواوەنـد نییـە، بەڵکـوو بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگـەی قوربانییەکـەوە خواوەنـد لـە ئامادەبووانـدا ئاویتـە بێـت و حلـول بـکات، (القربـان، مارسـیل مـوس و هنـري هوبیـر، ٢٠٢١، ١٠١).

**- قوربانیدان لە ئەفسانە و ئایینە سەرەتاییەکاندا:**

زۆربـەی ئایینـەکان، چ لـە ئاسـتێکی پیشـکەوتوودابن، یـان سـەرەتایی بـن، قوربانییـان کردووەتـە یەکێـک لـە سـرووتەکانی ئایینەکـە، مرۆڤـی بەرایـی بـڕوای وابـوو کـە خواوەنـد قوربانـی، یـان دیـاری بـە شـێوازێکی هێمـا و ڕاز، وەردەگرێـت. هەندێـک گەلـی بەرایـی قوربانییەکەیـان بـە تـەواوی دەسـووتاند، بـۆ ئـەوەی قوربانـی و دیارییەکـە لـە ڕێگـەی هەڵـم و دووکـەڵ بگاتـە خواوەنـد، واتـە گەلانـی سـەرەتاییش بایەخیـان بـە قوربانیـدان داوە، بـۆ نموونـە لـە وڵاتـی پیـرۆ، خێڵـە بەراییـەکان کـە خواوەنـد «فیراکۆشـا»یان دەپەرسـت، لـە میانـی بەجـێ گەیاندنـی سـرووتی قوربانیـدان، کاهینەکـە دەیگـوت:

ئـەی ئـەوەی ژیـان دەبەخشـێ.... و ڕەنـگ و بـۆن بـە ژیـان دەدەیـت، ئـەو قوربانییەمـان لـێ قبـووڵ بکـە، ئـەی دروسـتکەر، (محمـد الخطیـب، ٢٠١٧، ١٧٣).

لـە کیشـوەری ئەفریقیـاش لـە وڵاتـی غانـا، کـوڕی گـەورەی مـاڵ قوربانـی بـۆ ڕۆحـی باوکـی دەدات، یان ئەگـەر ئافرەتێـک منداڵـی ببێـت، ئـەوە مریشـکێک دەکاتـە قوربانـی، هەروەهـا کاتێک کەسێک دەسـکەوت، یـان داهاتێکـی بـاش بەدەسـت بێنێـت، ئـەوە قوربانـی بـۆ باوان (الاسـلاف) دەدات، یـان ئەگـەر کەسـێک نەخـۆش کەوێـت و چاکبـووەوە، ئـەوە لـە سـەریەتی قوربانـی بـدات، (محمـد الخطیـب، ٢٠١٧، ١٧٥).

جیـاوازی قوربانیدان لە نێوان ئایینە پێشکەوتووەکان و ئایینـە سـەرەتاییەکان ئەوەیـە، کـە قوربانیـدان لای گەلانـی سـەرەتایی لـە بنەڕەتـدا بەنـدە بـە هێنانـەدی پێوەندییەکـی بـاش لەگـەڵ بـاوان.

مرۆڤنـاس «ڕۆبـرت بارسـونز» سـەبارەت بـە قوربانیـدان لای گەلـی (بانتـۆ)، پێیوایە مەبەسـت لـە قوربانیـدان لای بانتـۆ، گەڕانـەوە، یـان نوێکردنـەوەی پێوەندییـە لەگـەڵ ڕۆحـەکان، لـە ڕێگـەی خوانێکـی هاوبـەش و بـە بـێ بەجـێ گەیاندنـی قوربانـی کـردن، خەڵکەکـە هەسـت بـە هێمنـی و ئاسـوودەیی ناکـەن و لـە میانـی بەجـێ گەیاندنـی ئـەو سـرووتەدا، لـە ڕۆحـەکان و بـاوان دەپاڕێنـەوە و نزادەکـەن، (محمـد الخطیـب، ٢٠١٧، ١٧٥)، واتـە لای ئـەوان مەبەسـت لـە قوربانیـدان بەدەسـتهێنانی سـۆز و پشـتیوانی بـاوان و ڕوحەکانـە. لـە باشـووری هەرێمـی (کوردڤان)یش، لە سـودان، بۆئـەوەی بـاران بباریێـت، بـەراز، یـان مانـگا دەکەنـە قوربانـی (محمـد الخطیـب، ٢٠١٧، ١٧٦).

لـە کۆتاییـدا، دەکـرێ ئـەرک و ئامانجـی سـرووتی قوربانیـدان لـەم خاڵانـەی خـوارەوەدا کـورت بکەینـەوە:

١- قوربانیـدان سـرووت و توخمێکـی سـەرەکییە لـە زۆربـەی ئایینەکانـدا.

٢ - قوربانیـدان بریتییـە لـە پێشکەشـکردنی خـواردن، یـان دیارییـەک بـۆ خواوەنـد، یـان هێـزە بـاڵاکان، بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی داواکاری و مەبەسـتێک، یـان پیشـاندانی بـاوەڕ و دڵسـۆزییە بۆیـان.

٣- سـرووتی قوربانیـدان، خەسڵـەت و سروشـتێکی

ئایینـی - ئابـووری هەیـە و ئامانجـی سـەرەکی سرووتەکە، پتەوکردنی پێوەندییـە لـە نێوان مـرۆڤ و خواوەنـد، یـان ڕوحــەکان.

٤ - پێشـکەش نەکردنـی قوربانـی ئاکامـی خراپـی دەبێت، چونکـە قوربانـی تەنیـا بەخشـینی دیـاری نییـە، بەڵکـوو سـرووتێکی تەهـارەت و پاکبوونەوەشــە.

٥ - قوربانیـدان، ڕۆڵێکـی گرنـگ لـە یەکگرتنـی کۆمەڵایەتـی و هێنانـەدی گونجان و تەبایی لە نێوان خەڵکـدا دەگێـڕێ، (محمـد الخطیـب، ٢٠١٧، ١٧٨).

بـە تێپەڕبوونـی ڕۆژگار ئـەو سـرووتە ئایینییـە، بـووە سـرووت و نەریتێکی کۆمەڵایەتـی پەیوەست بـە ژیانـی کۆمەڵگـەی مرۆیی و هێمـا و ڕەمزەکانی، قوربانـی گۆڕینیـان بەسـەرداهات و وای لـێ هـات گوزارشـت لـە بیروبـاوەڕە کۆمەڵایەتییـەکان بکـەن، کـە یەکگرتـن و تەبایـی و گونجانـی کۆمەڵایەتـی دەسـتەبەر بکـەن، هەروەهـا مـاڵ و سـامان و موڵـک و خانەوادەکەیـان بپارێزیـت.

**سەرچاوەکان:**


١- خـواو گـەردوون و مـرۆڤ، فیـراس سـەواح، وەرگێڕانی، کاوە تۆفیق، ناوەندی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢١.

٢- زانسـتی بەراوردکردنـی پیۆانەیـی لـە زمانـە هیندۆروپیەکانـدا، شاسـوار هەرشـەمیی، دەزگای جەمـال عیرفـان، سـلیمانی، ٢٠٢٠.

٣- القربـان (مقالـة فـي طبیعـة القربـان ووظیفتـه)، مارسـیل مـوس و هنـري هوبیـر، ترجمـة: محمـد حـاج صالـح، دار معنـي للنشـر، ٢٠٢١.

٤- الفکر الدیني القدیم، تقي الدباغ، بغداد، ١٩٩٢.

٥- الأعیـاد فـي وادي الرافدیـن، راحجـة خضـر النعیمـي، سـوریا، ٢٠١١.

٦- الحیـاة الدینیـة فـي مجتمـع الاوغاریتـي، صالـح الحکیـم، دمشـق، ٢٠١٠.

٧- طقوس العبور في الاسـلام، عبدالرحیم بوهاها، دار الانتشـار العربي، بیروت، ٢٠٠٩.

٨- بلاد مابین النهرین، دیلابـورت، ترجمـة: محـرم کمـال، مصـر، ١٩٩٧.

٩- عظمـة بابل، هـاري سـاکز، ترجمة: عامر سلمان، موصل، ١٩٧٩ز

١٠- تاریخ الادیـان و فلسـفتها، تألیف طه الهاشـمي، بیروت، ١٩٦٣ز

١١- القربـان في الجاهلیة و الاسـلام، وحید السـعفي، بیروت، ٢٠٠٧.

١٢الادیـان فـي المجتمعـات البدائیـة، تألیـف، محمـد الخطیـب، دار علاءالدیـن سـوریا، ٢٠١٧.

١٣- العنـف المقـدس، رینیـه جیـرار، ترجمـة: جهـاد وهـاش و عبدالهادي عباس، دار الحصـاد، دمشـق، ١٩٩٢.

١٤- دیانـة السـامیین، روبرتسـون سـمیث، ترجمـة: عبدالوهـاب علـوة، مصـر، ٢٠١٩.

١٥- اواخـر الوثنییـن، بیـر شـوفان، ترجمـة: سـلمان خرفـوش، سـوریا, ١٩٩٧.